دەستەی گشتی گومرگ دەست بەسەر 63 بارەگردا ڕاگەیاند

دەستەی گشتی گومرگی ئەمڕۆ یەکشەممە دەست بەسەر 63 بارەگردا ڕاگەیاند کە سەرپێچی مەرجەکانی هاوردەکردنیان لە گومرگی ناوچەی باکور کرد بوو. لە ڕاگەیەندراوەکی دەستەکەدا هاتووە :

بەوەبەرایەتی گومرگی ناوچەی باکوور و بەشی لێکۆڵینەوە و بەرنگاربوونەوەی قاچاخچێتی، توانیان دەست بەسەر (63) بارەگردا بگرن کە پێبوون لە (مەمەڵە ، سیرامیك ، فەرش ، ئامێری کارەبایی،کەرەستەی یەدەگ ، گێنمەشامی زەرد ، ساردکەرەوە، گێنم ، جۆ ،کەرەستەی بیناسازی ، بەری پلاستیکی ، جل و بەرگ ، زیادکەری خۆراك ، زیادکەری کۆنکرێت ، قاڵبی ئاسن ، پرۆفایلی ئەلەمنیۆم ، ئامێری وەرزشی ، سابوون ، زێیتوون + کەرەستەی پلاستیکی ، ئامێری جل شۆردن) و مادەی هەمەجۆرەکانی تر ئەو ماددانە کە مەرج و کۆنتەینەر کارپێکراوەکانی هاوردەکردن پێشێل دەکەن.

ئاماژەی بەوەشکرد : ئەپەراسیۆنی دەستبەسەرداگرتن بە هاوکاری پۆلیسی گومرگی ئەنجامدراوە و ڕەوشوێنی یاسایی بەرامبەر سەرپێچیکردن بەپێی یاسای گومرگی کارپێکراو گیراوەتەبەر.